# تاراوگە

## ئەحمەد دەشتی

هۆ وارەکەم
کوردستانە شیرینەکەم
زێدی باوو باپیرەکەم
لە هەر کوێ بم لە ناو دلی
رووگەی گیان و هەست و
بیرمی
خۆشم دەوێی دەت پەرستم
تەنیا ئەتۆی ڕوگەی هەستم
هەر دیمەوە هەردێمەوە
لەم غوربەتەو
لەم دووریە نامێنمەوە
دەڕۆم دەڕۆوم بەرەو هەوار
بەرەو لوتکەی بەرزی بەهار
لەم چۆلگەیە پڕ میحنەتە
لەم تاراوگە پڕ زیللەتە
نامێنمەوە دیمەوە
بە شادبوونی خاکی زێڕین
هەرچی خەم و ژانی دلە
چی غوربەت و دووری گولە
لە خەرەندی فەرامۆشی
بە شاد بوونی کوردستانم
بە ڕزگاری و سەربەخۆیی
ئازارەکان دەنێژمەوە
لەم چۆلگەیە نامێنمەوە
دەڕۆم دەڕۆم بەرەو هەوار
بەرەولوتکەی بەرزی بەهار

ئاسۆی ڕوونم وەدی دێنم
کارەساتان دەکەم بە پەند
سەربەخۆییم وەدەست دێنم
لە کۆساری چیاو دەشـــتم
لە ناو خاکی وەك بەهەشتم
نەورەسەکان دەڕوێنمەوە
هەر لەو شوێنەی زێدی دلە
لەو فیردەوسەی پڕی گولە
تامی ژیان وەدی دەکەم
لە سەر ترۆپك و بەرزاییەکان
لە هەلگوردو دەشتاییەکان
لە سەفین و کێوی حەمرین
لە کەرکوکی دلی برین
لە لای یارو هەڤالانــم
لە هەولێری شاری دێرین
ئارامی ژین وەدی دەکەم
لە تەنیایی و غوربەتی دل
نامێنمەوە دەڕۆمەوە
بەهاری من تەنیاو تەنیا
بە نەمانم لە دووری خاك
بۆ هەتایە دەبڕێتەوە دەبڕێتەوە
دەڕۆمەوە دەڕۆمەوە
شاباڵی عیشقم دەکەمەوە
لەو بەرزاییە دەڕۆم دەڕۆم
پەرواز دەکەم
پەرواز دەکەم

بۆ سەر لوتکەی هەواری ڕاز
گولخەنی ژین دەبڕێنمەوە
گولشەنی ژین دەژێنمەوە
لە سەرگلکۆی شەهیدانم
لە هەواری نەمرەکانم
پەرچەمی کورد دەشەکێنمەوە
هیوای نەمران وەدی دێنم
پەنجەرەکان والا دەکەم
چی کولانەی خۆشەویستی و
یەك گرتنە دەیکەمەوە
ئالای بەرزی کوردستانم
هەل دەدەم و
لە ژێر سایەی ئەو پەرچەمە
کڕنوش لە بۆ شەهیدان و
خاکی جوانی زێدم دەبەم
کێ سەروەرو پاك و مەردە
هەرچی خاکی ژێر پای کوردە
ڕا دەمووسم و
خۆلی خاکم دەکەم بە کل
بۆ جوانی و سەرکولمەی گول
لە ژێر سایەی ئالای ڕەنگین
هەرچی زامی کۆن و نوێمە
هەرچی ژانی تاراوگەیی و
نەهامەتی برینی ڕێمە
بۆهەمیشەهەتوان دەکەم
تامی ئازادی ژین دەکەم

پاییزی ١٩٨٩ بەرلین پێم وایە سەخت ترین ژیان دووری نیشتمانە و غوربەت مەرگو نەمانە ،من وادەزانم لە نامۆیی مردووم و تاماوم کوردستانم ڕوگەی هەست و بیرو ژیانمەو دەبێ ڕۆژێ بێت بگەڕێمەوە نیشتمانەکەی هەست و بیرم

www.kurdistannet.org